ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وگۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی سەردانیکردن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وگۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی سەردانیکردن (شوێنی کۆبوونەوە وئاهەنگ گێڕان)، وسڵاوات بدەن لەسەرم سڵاواتەکانتان پێم دەگات ئەگەر لە هەر شوێنێک بوون».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە: ئەنجام نەدانی نوێژە سونەتەکان لە ماڵەوە ونزا نەکردن وقورئان نەخوێندن تێیدا، چونکە ئەگەر هیچ لەمانە لە ماڵدا ئەنجام نەدرێت ئەوا وەکو گۆڕستانی لێدێت، ونەهی کردووە لە زۆر سەردانیکردنی گۆڕەکان وکۆبوونەوە لە سەریان بەشێوەیەکی زۆر ودووبارە کە ببێتە خوو، چونکە ئەمە هۆکارە بۆ ئەنجامدانی شیرک، فەرمانی کردووە بە زۆر سەڵواتدان لە سەری وسەلامکردن لێی لە هەر شوێنێک بووبت لە سەر زەوی، چونکە پێی دەگات ئەگەر نزیک بیت یان دوور بۆیە پێویست ناکات بەزۆری سەردانی قەبرەکەی بکرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3350